
# سام و سەهەل

Sam u Sahal

لە نووسینی : تەنیا حاجی



سام و سەهەل

# پادشتناەی دوو ئەوین

لەنووسینی تەنیاماجی

کتێبی : سام و سەهەل

لەنووسینی : تەنیاحاجی

بابەت : یاداشتنامە

چاپی : یەکەم

ساڵی : ٢٦ی١١ی٢٠٢٣

## پێشەکی :

بەناوی ئەو یەزدانەی دڵ و ڕۆحی بۆ بوونەوەرەکانی دروست کردووە بە بێگیان و بەگیانەوە , عیشق ئەو چوار پیتەی هەمووی بەدوایدا وێڵن و تاوەکو ئێستا کەمترین کەس پێیگەیشتووە و نازاندرێت چۆنە , لەم کتێبەدا دوو ئەوین و عاشق لە دوورەوە لاپەڕەکانی ڕابردوو هەڵدەدنەوە باسی ئەو ساتانە دەکەن کە لەدەستیانچووە و نەیانتووانیووە درکی پێبکەن .

# یاداشتنامەی یەکەم
# بەر لەوەی دەست پێبکات , کۆتایی هات

پێشکەش بەو ڕۆبۆتەی خۆشمویست

٢ ساڵ خۆشمویستی
٥ ساڵ چاوەڕێت بووم
تەمەنێک عاشق بووم

# ســـــام ...

سلام ...

سام حاڵت باشە ؟

نازانم لە کام شوێنی ئەم گەردوونەیت , بەڵام لێرەوە تاوەکو عەرشی خودا نزا دەکەم کە باش بیت ...

سام ...

لەم چەند ڕۆژە بیرم لەم یادگاریانە دەکردەوە کە لە نێوانمان دروست بووبوو , ڕاستیت پێ بڵێم فرمێسک بەری چاوەکانمی گرت بوو , نازانم فرمێسکی دڵتەنگی بوو یان دڵخۆشی تەنها دەزانم فرمێسکەکانم گەرم بوو , گەرمی دڵم تەواوی گیانمی گەرم کرد بوو ...

نازانم بۆ هەر کاتێک بیر لە تۆ دەکەمەوە یاخود ناوت دەبیستم , تەزوو بە گیانما دێت , دڵم ڕادەچڵکێت وەک ئەو خولەکانی کە تۆم دەبینی ...

# سام ...

کووپێک قاوەم ئامادەکردووە لەلای پەنجەرەکە دانیشتووم , کوڕێکی گەنجی باڵا بەرز و ڕیش تەنکێک لە دوورەوە نزیک دەبۆوە چاکەتێکی قاوەی و بلوزێکی سپی و پانتۆڵێکی ڕەشی لەبەر بوو, بۆ ساتێک هەستم کرد شێوەی لە تۆ دەکات ...

لەوانەیە تۆ باش بیرت نەبێت , بەڵام ئەو ڕۆژە سارد و باراناویەی زستانم بیرە کە لە دوورەوە لەسەر کورسییەک دانیشت بوویت لەگەڵ هاوڕێکانت ڕووخسارت وەک هەمیشە توووند و بێزار دیار بوو , هەڵمی هەناسەت هێندە جوان دەهاتە دەرەوە لە دەمت خەمم لێ دەخوارد کە سەرماتە , منێک کە عاشقی ساردی زستانم لەو کاتەدا ڕقم لێی هەڵگرت , ترسام سەرمات بێت و نەخۆش بکەویت , ئاگادارم کە جەستەت لاوازە و زوو نەخۆش دەکەویت ...

# ســــام ...

هەر ئەو کاتەی قاوەکەم دەخواردەوە , زەردەخەنەیکم گرت و یادگاریەکی زستانم بیرهاتەوە , بیرمە ئەو کاتەی پشووی نێوان وانەکانمان بوو خێرا بەرەو لای قاوەخانەی خوێندنگاکەمان ڕۆیشتیت , لەگەڵ مامەی قاوەخانەکە کردت بە گاڵتە و گەپ و قاوەیەکی گەرمت ئامادە کرد , هێندە ڕەفتارت شیرین بوو لەوکاتەدا لە کوڕێکی هەرزەکاری خوێن گەرم دەچوویت , خۆشمویستیت ...

لەو ڕۆژەوە , مامەی قاوە فرۆشەکە بۆتە کەسێکی ئازیزی من , هەر کەسێک تۆ خۆشت بوویت , منیش خۆشمدەوێت , هەموو ئەم شتانەم خۆشدەوێت کە خۆشت دەوێن ...

## ســـــامی ئازیزم ...

دەزانیت هەنگاو بە هەنگاو چاودێریم دەکردیت بۆ ساڵێک شوێنت کەوتم , بێ ئەوەی ناوت بزانم ...

قاچەکانم بۆ شوێنی خوێندنەکەت دەهات , بێ ویستی خۆم , بۆ لای تۆ ڕام دەکرد , تەنانەت چەند جارێکیش بە بەردەمت دەهاتم و دەڕۆیشتم هەر جارێک و بەبیانووی شتێک , ڕۆژی واهەبوو تەنها خولەکێک و چەند چرکەیەک تۆم دەبینی , بەڵام هەر ئەم خولەکە دڵی خۆشی دەکردم و ئەم چەند چرکەیە دڵمی ڕادەچڵەکاند ...

## ســـــام ...

ون بووەکەی دوورە وڵاتم , دەمەوێت باسی ئەو ساڵەت بۆ بکەم کە لە دوورەوە لێتم دەڕووانی , ئەو ساڵەی کە تەنها چاوەکانم برسی و تێنووی نیگات بووون ...

هێندە سەیرم کردوویت , دەزانم پێکەنینەکانت چۆنە , چەند هێڵ دەردەکەوێت لەسەر ڕوومەتت , دەزانم چاوەکانت چ ڕەنگێکە , برۆکانت چەندە پڕە , خەتی نێوان ڕیشت و لێوتم وەک نیگارکێشێک لە مێشکما تۆمار کردووە , هەندێک کات پرسیار دەکەم لە خۆم و دەڵێم ...

## دەبێت خودا لە چاوەکانم خۆشبێت ؟

# ســـام ...

خەندەی لێوەکانم ...

نازانم چۆن و کەی ؟ ئەم عیشقە لە دڵما چەکەری کرد و ڕەگی گرت و گڕی تێبەر بوو , بەڵام دەزانم گەر هەبیت لەلام یاخود نەبیت , هێشتا کە دێت بە خەیاڵما دڵم بۆت دەکەوێتە سەما , گەر دەمار و مولولەکانی سینەم ڕێگەی لێ نەگرن , باڵ دەگرێت و بۆت دەردێت ...

بیرم نییە لە کام بەروار بوو ؟ لە چ ڕۆژێکدا بوو ؟ , بەڵام بیرمە کە بەلاتەوە تێپەڕ بووم دوو جار ئاوڕم بۆ دایتەوە هەر لەو ساتەدا دڵمت برد و پێمت نەداوە , لەگەڵ خۆتدا بردت و کردت بە موڵکی خۆت ...

# سـام ...

ئازیزە دڵبەرەکەم ...

زیاتر لە هەموو کاتێک ئەمشەو بیرت دەکەم , بیر لەو شەوانە دەکەمەوە کە نزام دەکرد زوو یەزدانی مەزن فووێک بە زەویدا بکات و ڕووناکی بکاتەوە تاوەکو بێم بۆ بینینی ڕووخساری جوانت ...

بێ شەرم نیم , بەڵام لەو تەمەنەش کە تاڵی سپی قژمی داپۆشیووە خەریکە کەزی قژم ڕەساسی خۆی دەنووێنێت , خۆشمدەوێت ...

# ســـــام ...

بیرمە کاتی بانگی مەغریب بوو , خەریک بوو دونیا خۆی تاریک نیشان دەدا لە دوورەوە هەنگاوت بۆ دەرەوەی خوێندگاکە دەنا , وەک هەرزەکار قۆڵی هاوڕێکەمم گرت و بەرەو لای دەرگاکە هێنام تەنها بۆ ئەوەی کۆتا ساتی ڕۆیشتنی تۆ ببینم , من چ هەرزەکارێکی خوێن گەرم بووم ؟

وەک ئەوەی خودا بەزەی بە عاشقێکی وەک من هاتبێتەوە , تۆی بۆ من گەڕاندەوە , لەو ماتەی خەریکی ڕۆیشتن بوویت و منیش شوێنت کەوت بووم ئاوڕت بۆ دواوە داوە , ڕاچڵکام دڵم دەرهات , بە نیگایەک هەناسەمت کورت کرد ...

# سام ...

بالاّ بەرزەکەی ولاّتم ...

دەزانیت لەنێو ئەو هەموو دەنگە و ژاوە ژاوە , هەر کاتێک دەنگی تۆم بیستبا جیام دەکردەوە لە دەنگەکانی تر ؟ تەنانەت ئێستاش گەر لەم شارە قەرەباڵغە و سەرقاڵە تەنها جارێک قسە بکەیت , بەرەو ڕووت ڕادەکەم , بەپێی پەتی ڕادەکەم و ڕادەکەم تاوەکو دێمە بەرامبەرت , گوێ بەوە نادەم چەند پارچە شووشە و دڕک و بەرد لە پێکانما ڕادەچێت و ئازارم دەدات , تەنها تۆ ناوم بێنە , با من کوێرانە بۆ لات ڕابکەم ...

# ســـــام ...

بیرمە خۆمم هەڵدەخەڵەتاند , دەمگووت , تەنها لە دوورەوە بینیووتە سەرنج ڕاکێشانێکی کاتییە و ڕۆژێک دێت کۆتایی پێدێت , تەنها لەبەرچاوما نەمێنێت , لەبەر دڵیشم دەکەوێت , کەچی هەر جارێک لە چاوەکانم ون دەبوویت بۆت دەگەڕام لەم کوچ و ئەو کوچ بەدواتا دەگەڕام وەک ئەو دایکەی لە بازاڕە قەرەباڵغەکەی شار دەستی منداڵەکەی لێ ون دەبێت , هیچ شوێنێکی پێ شوێن نابێت ترس دەیگرێت , ترسی ئەوەی جارێکیتر پێی شاد نەبێتەوە , من لەوساتەدا ئەو دایکەم کە منداڵەکەی ون بووە ...

## ســــام ...

بۆ ساڵێک بێدەنگ بێ ئەوەی کەس قسەکانی دڵم ببیستێت و لە نیگاکانم تێبگات , خۆشمویستی , خۆشمویستی بێ ئەوەی ناوت بزانم , بێ ئەوەی بزانم تۆ کێیت و لە چ شوێنێکەوە هاتوویت ؟ , من بەم جۆرە خۆشمویستی , تەنها ڕووخسار و چاو و هەڵسووکەوتم خوێندەوە , ڕەوشتی تۆ دڵمی برد , تۆ چ پیاوێک بوویت ؟ سامی دڵبەرم ...

## ســـــام ...

بەر لەوەی تۆ بناسم , چارەی هیچ پیاوێکی ئەم گەردوونەم نەدەویست , تەنانەت قێزم لێیان دەکردەوە , بەڵام دوای بینینی تۆ دەمویست هەموو شتێک دەربارەی پیاو بزانم , چ بوونەوەرێکە ؟ ئارەزووی چی دەکات ؟ دڵی بە چ شتێک خۆشدەبێت ؟ بە چ شتێک تووڕە دەبێت ؟ لەبەر خاتری تۆ بەدوای وەڵامدا گەڕام ...

## پیاوم خۆشویست , چونکە تۆ پیاو بوویت

# سام ...

دوای ساڵێک , کە نەمتوانی کۆنترۆڵی هەستەکانم بکەم دەوروبەرم لە نیگاکانم تێگەیشتن , تێگەیشتن دڵی ئەم ئافرەتە لای خۆی نەماوە بردراوە , وا باشترە بڵێم دزراوە , دزیت بێ ئەوەی ئاگاداری بم , شتێکت برد کە موڵکی من بوو دەمویست لای خۆم بێت , بەڵام ئێستا کە لای تۆشە هەر ئاسوودەم , پیاوێک بردی نەک ناپیاوێک ...

# سـام ...

خەیاڵی شەوانم ...

نازانم بە کام ناو ناوت بهێنم , بە کام ڕووخساری ئەدەبی باست بکەم , من ئەهلی تەصەوف نیم کەچی خەریکە وشەکانم ڕێچکەی تەصەوف دەگرێت , مەولانا ئاسا بۆ عیشق دەدوێم , تۆ بڵێی جارێکیتر ڕووخساری لە مانگ نەخشراوت ببینمەوە ؟ بۆ جارێکیش بێت بە ڕووتا پێبکەنمەوە ؟ نازانم ...

# ســـــام ...

هەناسەی گەرمی زستانم ...

هەموو شەوێک بەدیار ئاسمانەوە دادەنیشم , چونکە دەزانم ئارەزووی بینینی ئاسمان و مانگ دەکەیت , وەک من شەوت خۆشدەوێت و لەویش زیاتر حەز بە ساردی کۆتایی پایز و سەرەتایی زستان دەکەیت , بۆیە هەموو جارێک لەبەر عیشقی تۆ بەدیاریەوە دادەنیشم , هەندێک جار کاتم بیرنامێنێت , بە چەندین کاتژمێر دادەنیشم بۆ تۆ دەنووسم و گوێ لە موزیکێکی سۆفیانی ڕادەگرم ...

# ســـــام ...

لەو ڕۆژەوەی هەستم بەو عیشقەی دڵم کردووە , لە خودا نزیکتر و نزیکتر بوومەتەوە , تام و چێژی نزا بە گیانما دێت و دەڕوا , لە دوای هەر سوجدەیەک نزا بۆ باشی تۆ دەکەم , کە قورئانی پیرۆز و کەلامی خودا دەخوێنم ناوی تۆ دەهێنم , کە بەڕۆژوو دەبم بۆ تۆ دەپاڕێمەوە , دەی ئەمە عیشق نەبێت چیترە ؟ من بە نزا بۆت دەجەنگم و لە خودا داوای تۆ دەکەم .

# ســـــام ...

هەندێک جار بیر دەکەمەوە , دەبێت ئەم عیشقە قەدەغە نەبێت و خودا سزام نەدات ؟ دەترسم لە ترسی خودا نەبێت شەو و ڕۆژ یادی ناوتم دەکرد و نزام بۆ دەکردی , سوێند بەو یەزدانەی ڕۆحی تۆ و منی لە دەستە هیچ کاتێک بە ویستی خۆم سەیرم نەکردوویت و نیگای خراپم بۆ نەکردوویت , هەموو جارێک من بێ ئاگا بوومە و هۆشم لای خۆم نەبووە , ئەرێ دەپرسم دەبێت مرۆڤ لەکاتی بێ ئاگای سزا وەربگرێت ؟

## سـام ...

تێگەیشتم تاوەکو ئێستا هەموو ئەوانەی گووتویانە عاشقین درۆیان کردووە , ئاخر لە عیشقدا هەرگیز گلەی کردن نییە تەنانەت ئەو ئازارانەشت خۆشدەوێت کە مەعشووقەکەت پێیداویت , هەموو شتێکت لێ دەبێت بە ئەو , ئەویش جوانترینی تۆ دەبێت ...

# ســــام ...

عەشقە هەمیشەییەکەم ...

لە عەشقی تۆوە فێرە خوداپەرستی بووم , زیاتر لە جاران لە خودا نزیک بوومەوە و خودام ناسی , تێگەیشتم خودا بەرنامەی ژیانی هەر یەکێکمانی دارڕشتووە , هەر بەو جۆرە دەبێت کە نووسراوە , تەنها بە نزا دەگۆڕێت ...

# ســـــام ...

ئازیزی نێو دڵم ...

خەیاڵەکانم گشتی بوون بە تۆ , منێک کە لە هەر هەنگاوێک بەدوای تۆدا دەگەڕام , بیرم لە تۆ دەکردەوە لە کردنی هەر کارێک , بەم جۆرە عاشق بووم , ژیانم , بوونم , هەبوونم , ئەوەی هەیتم و نیتم گشتی بوون بە تۆ ...

## هەر کاتێک بەدوای پێناسەی خۆمدا بگەڕێم
## بیرم بۆ لای تۆ دەچێت

تەنیاحاجی

## ســـــام ...

عیشقە پاکەکەی من ...

لەو شەوە تاریکانەی بەرەو کار دەڕۆیشتم بە کۆڵانە تەسک و تەنگەکانی ئەم شارە ڕێم دەکرد , یەکەم شت پشتم بەخودا دەبەست و دواتریش بیرم لەوە دەکردەوە تۆ لە تەنیشتم ڕێ دەکەیت و دەڕۆیت , وەک ئەوەی پەنجەکانت لەنێو پەنجەمدا بێت و تووند بیانگوشیت و بڵێیت , مەترسە من ڕێگات ڕووناک دەکەمەوە خۆ گەر ڕووناکیش نەبێت من لەگەڵت هەنگاو دەنێم ...

**تۆ هێز و پشتیوانی من بوویت ,**
**بێ ئەوەی خۆت درکت پێ کردبێت**

## ســـــام ...

سەیربکە ئەو ئافرەتە گەنجەی دڵی بۆت گەرم دەبوو , خەریکە چرچ و لۆچی ڕووخساری نەرمی دادەپۆشێت , بەڵام گەر تۆ بێیت و جارێکیتر بتبینێتەوە , تەمەنی وەک زولێخا گەنج دەبێتەوە , دڵی وەک منداڵەکەی حەزرەتی مەریەم بە قسە دێت , وەک ئەو منداڵەی پاکی یوزارسیفی سەلماند و بە قسە هات , بە قسە دێت ...

**ئەو ئافرەتەی ڕووی لە هەموو پیاوێک وەرگێڕا
بەرەوو ڕووی تۆ ڕایکرد وەک منداڵ**

## ســـــام ...

ئەو ڕۆژەت بیرە کە هەستت بە نیگاکانی من کرد بوو ؟ بیرتە چۆن لە نامەیەک گشت هەستی خۆم دەربڕی ؟ بێ ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە من ئافرەتم نابێت قسە بکەم , قسەم کرد , عاشق بووم , عاشق بوونیش هێز و بوێری پێبەخشیم ...

ڕووخسارت توندی پێوە دیار بوو , زۆرجار بە دڵ ڕەق ناویان دەبردی , بەڵام من ڕووخسارە منداڵیەکی تۆم بینی بوو , هەستم بە دڵ پاکی تۆ دەکرد.

## ســـــام ...

ئەو شەوانەم بیرە کە بەدیار خوێندنەوەی نامەکانت خەوم لێدەکەوێت , گەرمی چاوەکانمی دادەپۆشی و ئاسوودەیش دڵم , تەنانەت بیر کردنەوە لە ڕۆژە ناخۆشەکانی نێوانیشمان دڵخۆشم دەکات و ئەم تاڵیەم لەلا شیرن دەکات ...

**من ئەو کەسەم , کە تۆم بە هەموو خراپی و ناشرینیەکانتەوە خۆشدەوێت**

# سـام ...

زستانی ئەم ساڵ لەوە ناچێت بەزەی هەبێت , هێندە ساردە جەستەمی سڕ کردووە و لێوەکانمی هێناوەتە لەرزیت , هیوادارم نەخۆش نەبیت وەک جاران , هەرکات نەخۆش بیت من خەونت پێوە دەبینم و دڵم تەنگ دەبێت ...

**دڵم بە هەموو ئەو دڵتەنگیانەی کە بۆ تۆیە**
**ئاسوودە و خۆش دەبێت**

# ســـــام ...

دەزانیت زۆربەی ئەو کەسانەی دێنە لام و باسی دەردی خۆشەویستیان دەکەن , تۆم بیر دێنێتەوە , من چۆن باوەڕ بەوان بێنم خۆشەویستی فەرامۆش بکەن و دڵبەرەکەیان لەبیر بکەن , لەکاتێکدا خۆم گیرۆدەی ئەم دەردەم ؟ نازانم ...

**بە قەولی مەولانا گووتەنی**
**دوێنێ شەو ناوێکم لێنایت و بانگم کردی**
**" دەردی بێ دەرمان "**

# ســـــام ...

هەندێک جار بیر لەو جیاوازیەیی نێوانمان دەکەمەوە , خۆ من و تۆ لە هیچ شتێکدا یەکناگرین و لەیەک ناچین , منێک کە کووپێک قاوە و ڕۆمانێک و ژیانێکی سادە خەون و ئاواتمە و ئاسوودەیم پێدەبەخشێت , زۆر جیاوزم لە تۆیەک کە خەونێکی گەورەت هەیە و دەتەوێت لە شوێنێکی بەرز خۆت ببینیتەوە , بەڵام لە ڕۆحدا هەست بە لەیەکچوونی نێوانمان دەکەم , دەپرسم بۆ هێندە لەلات ئاسوودە بووم ؟ دووبارە بە نازانم وەڵام دەدەمەوە...

## سـام ...

دەمویست هەموو شتێک دەربارەی تۆ بزانم , ئامادە بووم تاوەکو بەیانی گوێ لە بەسەرهات و خەون و ئاواتەکانی تۆ ڕابگرم , دەستبەرداری هەموو ئەو شتانە بم کە خەونی من بوو , چونکە لەمەودوا خەونی من تەنها تۆ بوویت , تۆ بوویت بەو ئاواتەی کە نزام بۆی دەکرد و هەوڵم بۆی دەدا ...

## ســــام ...

هەر کات بەو شەقامە ڕێ دەکەم , چاوەکانم بۆ تۆ دەگەڕێت ئەڵێم ئێستا نا و کەمێکیتر دێت , بەڵام هەر نەهاتی , کەچی لە هەر چوونە دەرەوەیەکیتر دووبارە هەمان هیوا بە خۆم دەدەم , ئێستا نا ... ڕۆژێکیتر هەر دێت ... نامەوێت بزانم دێیت یاخود نا , تەنانەت گەر هاتی بەرواری ڕۆژەکەشم پێ مەڵێ , با هەر چێژ لەو چاوەڕوانییە ببینم ...

## هەموو ئەو چاوەڕوانیانەم خۆشدەوێت
## کە بۆ تۆیە ...

# ســـــام ...

گەر ئەو ڕۆژە من و تۆ هاوسەرگیریمان کردبا , من دەبووم بە دڵخۆشترین ئافرەت , تۆشم هەموو ڕۆژێک دەکرد بە بەختەوەرترین پیاوی دونیا , بە جۆرێک هەموو ئیرەیان پێ ببردبایت , ئەو خواردنەم ئامادە دەکرد کە حەزت پێیەتی , لەبەردەم پەنجەرەکە چاوەڕێم دەکردی تاوەکو دەهاتیەوە , لەگەڵ یەکەم هاتنە ژوورەوە بۆنی ئەو گوڵاوەت دەکرد کە لە خۆتت دەدا , سەیری ئەو فیلمەم لەگەڵ دەکردی کە بە پێکەنینی دەخستی , ئەو شیعرەم بۆ دەخوێندیەوە کە جوانترینە لات , گەر هاوسەرگیریمان بکردبایە , ئێستا من و تۆ دایک و باوکێکی جوان بووین ...

## ســــام ...

بەر لەوەی لە عیشق تێبگەم , تەنها داوای بوونی تۆم دەکرد لە پاڵ خۆمدا , کەچی کە لە عیشق تێگەیشتم زانیم تۆ لێم دوور نیت بەڵکو لە هەموو کەسێک لێم نزیکتری ئەسڵەن تۆ لە شوێن دڵمیت , ئەمجارە نزای باشی و ئاسوودەی تۆم کرد لە خودا ...

## ئێستا دەتوانم بە خۆم بڵێم کە عاشقم تێگەیشتم و پێیگەیشتم

# سام ...

ئەوینی تۆ , منی کردووە بە خوداپەرست , هێندە نزیک بوومەتەوە لە خودا کە لەگەڵی دەدوێم و باسی تۆی لەلا دەکەم , هەندێک جاریش شەرم دەکەم , دەترسم خودا لێم توورەبێت کە من هێندە بەندەیەکی ئەوم خۆشدەوێت ... من قووربانی خودابم کە تۆی لەو سەردەمە و لەو ساڵە و لەو شوێنە بەدیهێناوە کە منی لێم ... ئەمە گەورەترین چاکەیە ...

## ســـــام ...

چاو کاڵە ڕیش تەنکەکەم ...

خەریکە پیری یەخەم دەگرێت و بەرەو تەمەن دەڕۆم , بیرتە گوتت کاتی هاوسەرگیریم نییە و دوای چەندین ساڵیتر بیری لێ دەکەمەوە , بەیانی حەوت ساڵ بەسەر ئەم قسەیەت تێپەڕ دەبێت , هەم کەزی قژی من سپی تێکەوتووە , هەم ڕیشی تۆ مووی سپی لێهاتووە , تاوەکو کەی چاوەڕێت بکەم ؟ بۆ جاری هەزارەمین وەڵام دەدەمەوە , نازانم ...

## ســـــام ...

دوای چەندین ساڵ قەرارمدا ئەو نامانە بکەم بە چەند پەڕاوێکی خەم هەڵگرتوو , لە یەکێک لە چاپەمەنیەکانی ئەم شارە بڵاوبکەمەوە , ماندووبووم لەوەی هەر بۆ خۆمی بنووسم و کەس نەیبینێت , هیوادارم بەختم ئەمجارە ڕووی لێم کردبێت و تۆش بیخوێنیتەوە , هەر چەند دەزانم ئارەزووی خوێندنەوە ناکەیت , چارەی هیچ نووسین و کتێبخانەیەکی ئەم شارەت ناوێت ...

## ســـــام ...

خەریک بووم بیرم بچێت , باسی ئەم غیرانە بکەم کە بەتەواوی ڕۆژەکە لێم دەکردیت , هەندێک کات غیرەم دەکرد لە خوشکەکانت لە دایکت , بۆ ساتێک خەریک بوو دڵم لە سینەما لەتی دەکرد , بەڵام کە خەندەت دەهاتەوە بیرم دووبارە وەک مۆمێک دەتووامەوە دەسووتام , گڕی ئەم مۆمە لە دڵما بەر دەبوو وەک هەموو جارێک ئارامیت پێ دەبەخشیم ...

## ســـــام ...

لە هەر شوێنێکی ئەم زەمینەی , بە خودات دەسپێرم , خودات لەگەڵ عیشقە زیندووەکەی دڵم و مردووەکەی ژیانم ...

## کە دڵت لای من نەبێت
## هاونشینی چ سوود ؟

مەولانای ڕۆمی

مەعشووق هەموو بەشەکانی جەستەمی گرتۆتەوە
ئەوەی لە من ماوەتەوە , تەنها ناوە
ئەوەیتر هەمووی ئەوە

مەولانای ڕۆمی



خوێنەری ئازیزم

# لەدوای ئەم لاپەڕەوە
# یاداشتنامەی سام دەخوێنیتەوە

# یاداشتنامەی دووەم
# هێشتا دەستی پێنەکردووە , تاوەکو کۆتای بێت

پێشکەش بەو ئافرەتەی خۆشیویستم

٢ ساڵ بێ ئاگا بووم
٥ ساڵ سەر لێشێواو بووم
تەمەنێک پەشیمان بووم

# سەهەل ...

لە نووسیندا باش نیم وەک خۆت گوتت نازانم خاڵبەندی بکەم وەک تۆ شارەزای ڕێسا و یاساکانی ئەدەب و ڕێزمان نیم بەڵام دوای سێ ساڵ بەسوتفە لەیەکێک لە چایەخانەکانی ئەم شارە دانیشت بووم و بیرم لە ژیان و تەمەنی ڕۆیشتووم دەکردەوە لەسەر مێزەکە پەرتووکێکی خنجیلانە هەبوو بەناوی " بەر لەوەی دەست پێبکات , کۆتایی هات " ناوەکەی سەرنجی ڕاکێشام بیرم ڕۆیشت بۆ خەون و ئاواتەکانی خۆم , بەر لەوەی دەستم پێیان بگات کۆتایان هات ...

# سەهەل ...

کاتێک دەستم کرد بە خوێندنەوەی سەیری ناوی نووسەرەکەیم نەکرد یەکەم جارم بوو پەرۆشی خوێندنەوەی نووسراوێکبم , لە یەکەم لاپەڕە بە ناوی ڕۆبۆتەکە زەردەخەنەیەکی گاڵتە ئامێزم گرت تۆم بیرهاتەوە کە بەو ناوە بانگت دەکردم ... لە دوای خوێندنەوەی پەڕی دووەم و دواتر ناوی خۆمم بینی و گەڕامەوە بۆ بەرگی کتێبەکە و ناوی تۆم بینی ... کچێ خاتوون تۆ بەڵێنەکەی خۆت بردە سەر و کتێبێکت لەسەر نووسیم ... ! ئێستا ناوی من لە کتێبێکدایە لەوەش گرینگتر بەسەرهاتی هەردووکمان ...

# سەهەل ...

وەک گوتم لە نووسین و دەربڕینی هەستەکان باش نیم , نازانم چۆن یاری بە وشەکان بکەم وەک تۆ ڕێکیان بخەم بەڵام دوای خوێندنەوەی یاداشتەکەی تۆ بۆ پێنج جار قەرارمدا یاداشتێک بنووسم و وەڵامی تۆ بدەمەوە , سوپاس کە هێندە باش باست کردووم سەرەڕای ئەو ئازارەی کە چێشتووتە ...

## سەهەل ...

کچە باڵاپۆشە گەنم ڕەنگەکە ...

هیوادارم تەندروستیت باشبێت , ئەم خولەکەت لە هەموو خولەکەکانی ژیانت ئاسوودە و ئارامتر بێت ... بەداخەوەم کە دوای سێ ساڵ لە بڵاوکردنەوەی کتێبەت ئەم یاداشتەتم خوێندۆتەوە , سەرەتا پێش هەموو شتێک پیرۆزبایت لێدەکەم دەبینم لە ئاستێکی باشی نووسینیت و خەڵکانێکی زۆر ئارەزووی خوێندنەوەی نووسراوەکانت دەکەن , جێگای دڵخۆشییە کە من بەشێک بوومە لە نووسراوەکانت ... شانازی دەکەم

## سەهەل ...

بەر لەوەی باسی بارودۆخی ژیانم بکەم لەم یاداشتە کە تەنها تۆ دەیبینیت و پۆستەچییەکە لەم مانگە بۆت دەهێنێت , دەمەوێت بڵێم ببورە کە ساڵێک بێ ئاگاداری خۆم خۆشتویستم بێ ئەوەی ناوم بزانیت و بزانی کە کێم ؟ ببورە کە حەوت ساڵ لە چاوەڕوانی خۆمدا تۆم هێشتەوە , تکادەکەم لە خودا کە لێم خۆشبێت ...

**من کە ئاگاداری مەعشوقەکەم نەبووم دەبێت لای خودا سزای من چی بێت ؟**

# سەهەل ...

خاتوونە میهرەبانەکەم ...

هێندە جوان لە دێرەکان باسی ڕۆژگاری ڕابردووت کردووە خەریکە ئەو ساتانەم بیردێتەوە وردە وردە , چ ڕۆژانێکی شیرین و تاڵ بوون چۆن هێشتا ئەم ڕۆژانەت بیرماوە ؟ نازانم بەهۆی سەرقاڵیمە یان چی ؟ بەڵام چەند دیمەنێکی کەم دێنەوە یادم بەداخم کە یادەوەریەکانم لەدەست داوە , بەشێکی کەمیم بیرماوە ...

# سەهەل ...

من کە ئاشنایەتیم لەگەڵ نووسین نەبووە نازانم لەکام شتەوە باسی حاڵی ڕابردووم و ئێستامت بۆ بکەم ؟ بیرمە ئەو ڕۆژەی کە قسەم لەگەڵ تۆ کرد بۆ یەکەم جار لە دڵەوە هەستم بە دڵخۆشی دەکرد و لە هەمان کاتیش نەمدەتوانی ئەوەی لە دڵم دەگوزەرێت بە ڕوون و ئاشکرا بیدرکێنم لەوە دەترسام هیوایەکی تاڵت پێبدەم ...

# سەهەل ...

لەم وڵاتە ژیان هێندە سەخت بووە , هەموو ڕۆژێک دەبێت ڕابکەیت کەچی فریا ناکەویت و نازانیت چۆن و لە کوێ ئەم نانە پەیدا بکەیت کە دەتەوێت , منێکی گەنج کە خەون و خەیاڵێکی زۆر لە مێشکم بوو سەر لێشێواو بووم و بیرم ئاڵۆز بوو , لەلایەک بیرم لای خانەوادەکەم بووم و لەلایەکیتر بیرم لای ئەوە بوو دڵی تۆ نەشکێنم , کە شکاندم ...

## سەهەل ...

هەر ئەو ساڵەی هەستمان بە ئەوین و سۆزی یەکتر کرد دەمانتووانی سەرشێتانە و بێباکانە دڵداری بکەین بێ ئەوەی بیر لە هیچ بکەینەوە , بەڵام باوەڕکە هەموو شتێک ئەوین نییە بارودۆخی ژیانی من ڕێگام پێنادات کە ئافرەتێکی پاک بە قسە شیرینەکانم سەرقاڵ بکەم و زەهری عیشقی پێ نۆش بکەم ...

**پاک نیم**
**بەڵام دەستم ناچێتە ئازاردانی تۆ**

# سەهەل ...

ئافرەتە عاشقەکەی من ...

تۆ هێندە پاک و میهرەبان بوویت , دڵم نەهات لەوە زیاتر لات بمێنم و خەم و تاڵی ئەم ئەوینەت پێبدەم , منێک کە نەمدەتوای دڵداری بکەم و ئاسوودەی و چێژ لەم ژیانە وەربگرم چۆن خەیاڵێکی درۆت بۆ درووست بکەم , هێندە پیاوکی پاک نیم بەڵام پاکی و میهرەبانی تۆ هیچ کاتێک ڕێگەی پێنەدام بە ویستی خۆم ئازارت بدەم ...

## سەهەل ...

لەوانەیە ئاگاداربیت کە چەندە توورە و توندم لەکاتی گفتوگۆ , بەجۆرێک ئافرەتانی دەوروبەرم بە لووت بەرز ناوم دەبەن , بەڵام بۆ تۆ من پیاوێکیتر بووم گەرچی ویستبام توندبم نەمدەتوانی , لەبەردەم تۆ من میهرەبانترین و نەرمترین پیاوی دونیا بووم ...

# سەهەل ...

هەمیشە باسی بێ ئاگای منت دەکرد , بێ ئاگای لەوەی هەموو شتێکی تۆم لەبەر کردووە , خاڵی لای چاوت و پەنجە ناسکەکانت کە نینۆکەکانت لە نینۆکی منداڵێکی ساوا دەچوو , چاوە تیژەکانت و ڕەنگەی هەنگوینەکەی کە مەستی دەکردم , لەچک و عەبا ڕەشەکەت وەک ئەوەی لێت نەخشێندرا بێت , ئارەزووەکانت و خەونەکانت , هەموو شتێکم بیرماوە , تەنانەت ئەو ژمارەی کە خۆشتدەوێت ژمارەی سفرە , چونکە وەک تۆیە هێز و دەسەڵاتی ئافرەتێکی هەیە لەناو بەرگێکی نەرمدا ...

**سفر هێندە بەهێزە**
**کۆی هەر ژمارەیەکی بکەیت ناگۆڕێت**
**گەر جارانی بکەیت نرخەکەی دەکاتە سفر**
**خۆ گەر کەم و دابەشیشی بکەیت**
**نرخەکە دەکات بە ژێر خۆی**

# سەهەل ...

بەم قسانە ناتوانم بیانوو بهێنمەوە , بەڵام سەختی گوزەرانم و بیرکردنەوە لە کۆسپەکانی ئەم ژیانە هیچ کاتێک ڕێگەی نەدام بیر لە تۆ بکەمەوە , خۆ گەر بمویستبا بیر لە تۆ بکەمەوە بۆ ساتێک زەردەخەنەیەکی شیرین ڕووخسارمی دادەپۆشی و دواتر ون دەبوو وەک ئەوەی هەر نەبوووبێت ...

## سەهەل ...

باوەڕکە عیشق لەوە زیاتر و جوانترە , کە من دانیشم و تۆی پێ فریووبدەم قسەی بریقەدار و دونیایەکی ڕەنگاو و ڕەنگت بۆ دروست بکەم , ئارەزووی دیداری تۆم کردووە زۆرجار ویستوومە لە هەواڵت بپرسم و قسەت بۆ بکەم و بۆ لای تۆ ڕابکەم و هەنگاوێک بێمە پێش , بەڵام کاتێک بیرم لە سەختی ئەم ڕێگایە کردۆتەوە دوو هەنگاو گەڕاومەتە دواوە ...

**عیشق لەدەرگامی دا**
**بەهۆی حاڵی ماڵم و دڵم نەمتووانی دەرگاکە بکەمەوە**

**تەنیاحاجی**

## سەهەل ...

تۆ ئافرەتی بە دڵ عاشقی من بوویت , من پیاوم کە لەگەڵ دڵ نێوانم باش نییە و هەمیشە عەقڵم زاڵە بەسەر هەستەکانم بە عەقڵ عاشقت بووم و قەراری دوورکەوتنەوەمدا , گەرچی ئەم ڕێگایە ئازاری هەردووکمانیدا زیاتر لە من , تۆی خەمبار کرد ...

**عەقڵ تا بیر دەکاتەوە پلان دادەڕێژێت**
**عەشق دەگات بە حەوتەمین ئاسمان**

مەولانای ڕۆمی

# سەهەل ...

ئافرەتە چاو هەنگوینەکەم ...

ئەمشەو منیش وەک تۆ بەدیار مانگەوە دانیشتووم بۆ یازدەمین جار کتێبەکتم خوێندەوە , ئەمجارە هەستم کرد کە بیرت دەکەم , هەستم کرد کوێرم و گەوهەرێکم نەبینیووە , پرسیارم بۆ دروست بوو بۆچی مرۆڤەکان هەموو کاتێک بەدوای بژێووی ژیان و ژیانێکی شاهانە ڕادەکەن ؟ لەکاتێکدا عیشق بوونی هەیە , خێزانێکی بەختەوەرت هەیە , مەگەر ئەمە سەرمایەی مرۆڤ نییە کە ئازیزانی لە دەوری بن ؟ ئەمە واتای بەختەوەرییە ...

# سەهەل ...

ئازیزە لەدەستچووەکەم ...

خەمبارم بۆ ئەو دێرەی سەرەوە کە نووسیم , بەڵام بێ ئومێدم لەوەی کاتەکە درەنگ داهاتووە و تۆم لەدەست داوە دەمێکە , چۆن درکم بەو عیشقە نەکردووە کە لە تۆدا بوونی هەبووە نازانم ...

# سەهەل ...

بیر لەوە دەکەمەوە گەر ئەو ساڵەی ئاشنایەتیم لەگەڵ تۆ پەیدا کرد , کەمێک بوویریم هەبا و بەدوای خەونەکانم ڕامنەکردبا و بەرەو تۆ ڕامرکردبا , ئێستا ژیانمان چۆن دەبوو ؟ لەوانەیە ماڵێکی بچووکمان هەبا بەڵام بەختەوەربایین , دوو منداڵی جوان و میهرەبان شێوە ئاسایی تۆمان هەبا و لەنێوانمان بان , ئێستا کە ئەم دێرانە دەنووسم دڵم پڕ بووە و دووبارە دەپرسمەوە , من چ خۆشییەکی ژیانم لەدەستدا ؟ وەک تۆ گوتت نازانم ...

## سەهەل ...

ئەمڕۆ لە دەرەوە دوو پیری ئەویندارم بینی قۆڵیان لەناو قۆڵی یەکتر بوو , هەرچەندە ئازاری پشتیان هەبوو بەڵام بۆ یەک پشت و پەنا بوون , تێگەیشتم لەکۆتایدا هەمووی لە دەورت دەڕوات و نامێنێت , تاکە کەس لە دەورت بمێنێتەوە هاوسەرەکەتە ... ئەم ژیانە بە بوونی هاوسەرێکی باش جوان دەبێت و ناشرینەکانی ون دەکات ...

**من چەند ڕۆژێکە تامی ئەم ئەوینە دەکەم**
**خەریکە دڵم لەت دەبێت**
**تۆ چەندین ساڵە تامی دەکەیت**
**چۆن دڵت ماوە ئافرەت ؟**

## سەهەل ...

دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر , تێگەیشتم تاکە ئافرەت دوای دایکم منی خۆشویست بێت بەڕاستی تۆ بوویت , سەیرکە دوای ئەو تەمەنە گشتیان هاوسەرگیریان کرد کەچی تۆ هێشتا بە عیشقی منەوە دەنووسیت ... دووبارە دەڵێمەوە من چ بەختەوەریەکم لە دەستچوو ؟ نازانم ...

**ببورە کە هەموو خولەکێکت بوو بە من**
**منیش بێ ئاگا بووم و نەمژماردن**

## سەهەل ...

خەریکە لەو تەمەنە عاشق دەبم , نووسراوەکانت و بیرکردنەوە لەو کاتانەی لەگەڵ تۆ بووم مەستیان کردووم , هەندێک جار دڵخۆش و هەندێک جار خەمبارم ...

**دڵخۆشم کە خودا کەسێکی وەک تۆی هێناوەتە ژیانم , خەمبارم کە دیاری خودام ڕەتکردۆتەوە**

# سەهەل ...

خەریکە باڵ دەگرم و لەتاوی ئەم ئەوینە قاچەکانم سەما دەکەن , لەسەر بەرماڵ دانیشتووم سەرم گەرمە بێ ویستی خۆم فرمێسک لەچاوما دێتە خوار و نازانم بۆ چ شتێکە ؟ خەریکم لە خودا داوای لێخۆشبوون دەکەم و لەگەڵ لێخۆشبوون تەسبیحی ناوت دەکەم و ناوت دەهێنم داوای تۆ دەکەم , ئێستا دەتوانم بڵێم عاشقم ...

# سەهەل ...

لەم چەند ڕۆژە ئەم بوێرێکی زۆرم کۆکردۆتەوە , بۆ ئەوەی ئەو دێرەت بۆ بنووسم کە دەبوو چەند ساڵ بەر لە ئێستا بۆتی بنووسم و پێتی بڵێم , عاشقتم وەک ئەوەی عاشقم بوویت , دەکرێت دەرفەتێکم پێبدەیتەوە قەرەبووی ئەو چاوەڕوانیەت بۆ بکەمەوە ؟ خۆم ئەو تاڵە سپیانەت بۆ شانە بکەم کە خستوومەتە قژتەوە ... دەرفەتم پێ بدە بۆ ئەوەی هەموو ئەو شتانە بگەڕێنمەوە کە لەدەستمان چووە ...

**مەهێڵە چەند ساڵێکیتریش**
**دوور لەیەک بەسەربەرین**
**هەمان هێزی تۆم نییە**

**گەر بڕوا ئەقڵ و دید و هزر و گیان تۆ مەڕۆ**

**کە لەلام دیتنی تۆ باشترە لە گشت وان تۆ مەڕۆ**

مەولانای ڕۆمی



## خوێنەری ئازیزم

گەر پرسیاری ئەوە دەکەیت سەهەل چ وەڵامێکی
سامی داوەتەوە هاوسەرگیری دەکەن یاخود نا ؟

نازانم , بەڕاستی نازانم
لەوانەیە ڕۆژێک وەڵامەکەم دەست بکەوێت
لە بڵاوکراوەیەک پێتانی بڵێم

# سام و سەهەل

بەر لەوەی لە عیشق تێبگەم , تەنها داوای بوونی تۆم


دەکرد لە پاڵ خۆمدا , کەچی کە لە عیشق تێگەیشتم

زانیم تۆ لێم دوور نیت بەڵکو لە هەموو کەسێک لێم

نزیکتری ئەسڵەن تۆ لە شوێن دڵمیت , ئەمجارە نزای

باشی و ئاسوودەی تۆم کرد لە خودا , ئێستا دەتوانم بە

خۆم بڵێم کە عاشقم ... تێگەیشتم و پێیگەیشتم ...



لە نووسینی : تەنیاحاجی



